# کۆمەڵێک موعجیزەی قورئان

# لە ڕوانگەی زانستەوە

ئامادەکردنی: شیلان ئازاد

(٢٠٢٢ – ٢٠٢٣)

# لەبرِی پێشەکی:

هەموو شتێکی ئەم گەردوونە  بەپێی یاسای تایبەت بەخۆی دروستکراوەو کاردەکات هیچ شتێک نیە لەگەردوندا بەهەرِەمەکی هاتبێتە بوون و بەردەوام بێت  بەڵکو بەزانستی نەبراوەی خوای پەروەردگار لە بەردەوامیدایە و کات و شوێنی دیاریکراوی خۆی هەیە و زانستی ئەو نەبرِاوەیە و گومان لە دەسەلأت و توانای ئەو گومانە لەبوون و بەردەوامی خۆمان  هەروەکو خۆی لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمووێ

﴿ قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا ﴾، [الكهف: ١٠٩]

واتە: (ئە ی محمد (صلى الله عليه وسلم)پێیان بڵێ ئەگەر هەموو دەریاکان مەرەکەب بوونایە بۆ نووسینی وە ، وشەکانی خوای گەورە  ئەوە هەموو دەریاکان وشك ئەبوون پێش ئەوەی وشەکانی خوای گەورە تەواو بێ ئەگەر هاوشێوەی ئەوەندەی تریش دەریامان بهێنایە هەموو ئاوی دەریاکان مەرەکەب بوایە بۆ نووسینی وشەکانی خوای گەورە هەر هەمووی وشکی ئەکردو وشەی خوای گەورە کۆتایی نەئەهات، کەواتە وشەکانی خوای گەورە یەکجار زۆرە لە توانای قەڵەم و نووسین دا نیە.)

## گەشتکردن بە نێوکاتدا چییە ؟

لەساڵی 1905 زانای فیزیایی پەڕاوی خۆی پێشکەشکرد بە ناونیشانی بیردۆزی ڕێژەی تایبەت دەربارەی خێرایی ڕوناکی و خێرایی کات ، ئەنشتاین ئەوەی خستە ڕوو کە تا خێراتر بەنێو بۆشاییدا بجوڵێییت کەمتر ئەزموونی کات دەکەیت بەشێوەیەکی گشتی تیۆری ڕێژەیی ئەنشتاین لە سێ خاڵدا کۆ ئەکرێتەوە

1- هەموو شتەکان لە پێوەندی لەگەڵ شتێکی تردا دەپێورێن کە واتە هیچ چوارچێوەیەکی ئاماژە "ڕەها " نییە.

2- خێرایی ڕووناکی بەردەوامە .گرنگ نییە چی ڕوودەدات وەک خۆی دەمێنێتەوە، گرنگ نییە لە کوێوە پێوانە بکرێت.

3- هیچ شتێک ناتوانێت لە خێرایی ڕووناکی خێراتر بڕوات

هەروەها ئەلبێرت ئەنشتاین لە تیۆرییەکەیدا ئەوەی خستە ڕوو تا زیاتر هەست بە هێزی کێشکردن بکەیت کەمتر ئەزمونی کات دەکەیت و کات بۆتۆ دێتەوە یەک ، بۆ نمونە لە نزیک بوونەوەت لە ناوەندی زەوی کە هێزی کێشکردن زۆر زۆرە کات بۆ پێیەکانت کورت ئەهێنێت بەبەراورد لەسەرت. بەگریمانەیەک کە تۆ تەکنەلۆژیای ئەوەت هەبوو کە مەودای بەرفراوان ببڕیت بۆ ئەوەی بگەیتە کونە ڕەشێک نزیکترینیان نزیکەی ۳۰۰۰ ساڵی ڕووناکی دوورە، فراوانبوونی کات لە ڕێگەی گەشتکردنەوە زۆر زیاتر ) دەبێت لە هەر فراوانبوونی کات لە ڕێگەی خولگەی خودی کونە ڕەشەکەوە .لەم دوو حەڵەتەدا ئەتوانرێت گەشتبکرێت بە نێو کاتدا ئەلبێرت ئەنشتاین ئاماژەی بەوە دا کە خێرایی کات ئەگۆڕێ بەپێی خێرایی تەن لەبۆشاییدا وهەروەها هێزی کێشکردن

بۆ نمونە  سەرنشینێک لەنێو شەمەندەفەرێکدا دانیشتووە و شەمەندەفەرەکە بەخێراییەک نزیک لە خێرایی ڕوناکی دەجوڵێت  لەو کاتەدا سەر نشینەکە کەمتر ئەزموونی کات دەکات  و وا هەست دەکات کە وەستاوە بەبەراورد بە  کە سێک کە لەدەرەوەی شەمەندەفەرەکەیەو  وەستاوە

بەم جۆرە ئەلبێرت ئەنشتاین سەلماندی کە خێرایی کات ئەگۆڕێ بەپێی خێرایی تەنەکە لە بۆشاییدا ، خێرایی و کات دوو ڕەهەندی پێکەوە  بەستراون   و کات ڕەهەندێکی نەگۆڕ نیە و بەپێی شوێن و خێرایی و هێزی کێشکردن ئەگۆڕێت  (Keating و Hafele)  ئەم تیۆرییە تا ساڵی 1971 تاقی نەکرایەوە   لەو ساڵەدا دوو زانا بەناوی، هەستان بە دروستکردنی کاتژمێری ئەتۆمی کە وردترین کاتژمێرە بۆ پێوانەکردنی کات یەکێک لە کاتژمێرەکەیان خستە نێو فڕۆکەیەک و چەن ولێک سوڕایەوە لەئاسماندا کاتژمێرەکەی تریشیان لەزەوی دانا لەدوای نیشتنەوەی فڕۆکەکە تێبینی ئەوەیان کرد کە کاتژمێری نێو فڕۆکەکە دوا کەوتووە بەبەراورد بە کاتی سەر زەوی  بەم جۆرە تیۆری ڕێژەیی ئەنشتایی بەشێوەیەکی پڕاکتیکی سەلمێنرا

## گەشتکردن بەنێو کاتدا لەنێو قورئاندا:

یەکەم: موعجیزەی ئیسراو میعراج

دووەم: مانەوەی یارانی ئەشکەوت بۆماوەی 309 ساڵی هەتاوی

سێیەم: زیندووکردنەوەی پێغەمبەر عوزێر

## یەکەم: موعجیزەی ئیسراو میعراج

گەشتێکی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) لە بەشێکی شەودا لە شاری مەککەوە بۆ مزگەوتی ئەقسا لە شاری فەڵەستین میعراج بەرزبوونەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە مزگەوتی ئەقساوە بۆ ئاسمان ، هەروەک خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمووێ

﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ [الإسراء: ١]

واتە: (پەرستراوی بەهەق ( الله ) شکۆداری خۆی دەردەبڕێت، و باس لەگەورەیی خۆی دەکات، لەبەر توانای بەسەر ئەو شتانەی کەجگە لەو توانای بەسەریاندا نیە، وهیچ پەرستراوێك نیە بەهەق شایستەی پەرستن بێت جگە لەئەو، و هیچ پەروەردگارێکیش نیە بەهەق شایستەی پەروەردگارێتی بێت جگە لەئەو، وە ئەوە کە لەکاتێکی شەودا شەوڕەوی بەبەندەی خۆی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) کردووە، بەجەستە وبەڕووحەوە، ولەکاتی بەئاگابوونیدا نەك لەخەوتندا، لەمزگەوتی کەعبەی پیرۆز کە لەشاری مەککەیە بۆ

مزگەوتی ئەقصا لە ( بيت المقدس ) کە خوای پەروەردگار پیرۆز وبەرەکەتی بەسەر خۆی ودەوروبەریدا ڕشتووە. لەکشتوکاڵ وبەروبوومیدا .وجگە لەوانەش .وە کردوویەتی بەجێگەی پەیامبەرانێکی زۆر، بۆ ئەوەی توانای سەرسورهێنەری خوای پەروەردگار وبەڵگەکانی تاك وتەنهایەتی ببینێ. هەر خوای پاك و بێگەرد وبەرز وبڵندیشە کەبیسەری تەواوە بۆ هەموو دەنگێك، وبینەری تەواویشە بەهەموو بینراوێك، بۆیە پێی دەبەخشێت هەموو ئەو شتانەی کە شایستەیەتی لەدونیاو دوارۆژدا.)

لەکاتێکدا ئەگەر ژیرانە ئێمە بیر بکەینەوە مەودای نێوان مەککەو مزگەوتی ئەقسا زۆر زۆرە کە بە فڕۆکە کیلۆمەترە و بە ئۆتۆمبێل 1471 کیلۆمەترە واتا بەخێراییەک گەشتی کردووە کە نزیک لەخێرایی 1238 ڕوناکی یان یەکسان بەخێرایی ڕوناکی بووە و کاتێکی کەمی خایاندووە و گەشتی کردووە بەنێو کاتتدا و بەخێراییەک نزیک لە خێرایی ڕوناکی و کاتێکی کەم واتا کەمتر ئەزموونی کاتی کردووە

## دووەم: مانەوەی یارانی ئەشکەوت بۆماوەی 309 ساڵی هەتاوی

﴿أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَابَ الْكَهْفِ وَالرَّقِيمِ كَانُوا مِنْ آيَاتِنَا عَجَبًا﴾

واتە: ( گومانی ئەوە مەبە. ئەی پەیامبەری خوا (صلى الله عليه وسلم). کە چیرۆك و سەرگوزەشتەی ( أصحاب الكهف )، و ئەو لەوحەی کە ناوی ئەوانی تێدا تۆمار کرابوو لە ئایەتە سەرسوڕهێنەر و نامۆکانە، چونکە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی تێدایە لەوە سەرسوڕهێنەرترە.)

إِذْ أَوَى الْفِتْيَةُ إِلَى الْكَهْفِ فَقَالُوا رَبَّنَا آتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا﴾

واتە: ( ئەی پەیامبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەو لاوە باوەڕدارانە بەیاد بێنەوە کە پەنایان بردە بەر ئەشکەوت، لەترسی فیتنە و ئاژاوەی گەلەکەیان، نەوەك ناچاریان بکەن بۆ بت پەرستی، و لەو کاتەدا ووتیان: پەروەردگارا لەخۆتەوە بەزەیمان بەسەردا بڕێژە، و جێگیرمان بکە بەو بەزەییە، و لە خراپەش بمانپارێزە، ڕێگای ڕاست و دروستمان بۆ ئاسان بکە، ڕێگایەی کە دەمانگەیەنێت بە ئەو کردوەیەی خۆشت دەوێت، ڕینموکراو بین نەك گومڕا.)

﴿فَضَرَبْنَا عَلَىٰ آذَانِهِمْ فِي الْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا﴾

واتە: ( لەوەڵامی پاڕانەوەکەیان خەوتنێکی قوڵمان بەسەردادان، بۆیە لەساڵانێکی زۆر لە ئەشکەوتەکە مانەوە.)

﴿ثُمَّ بَعَثْنَاهُمْ لِنَعْلَمَ أَيُّ الْحِزْبَيْنِ أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوا أَمَدًا﴾

واتە: ( پاشان بەخەبەرمان هێنان لە خەوەکەیان، بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی دەربخەین کە هەر لە ئەزەلەوە دەمانزانی، وە ئاشکرا بێت کە چ کۆمەڵێکیان. لەو دوو کۆمەڵە ناتەبایە. لە ئەژمارکردنی ساڵەکانی مانەوەیان

تەواو و تێروتەسەلترە، وە ئایا ڕۆژێك یان بەشێك لە ڕۆژ ماونەتەوە، یان سەردەمانێكی دوور و درێژ ماونەتەوە

؟)

﴿نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِالْحَقِّ ۚ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى﴾

واتە: (ئەی پەیامبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئێمە هەواڵی ڕاست و دروستی ئەوانت بۆ دەگێڕینەوە، ئەویش ئەوەیە كە: ( أصحاب الكهف ) لاوانێك بوون ڕاستیان لەگەڵ پەروەردگاری خۆیاندا كرد، گوێڕایەڵ و پیادەكاری فەرمانەكانی بوون، لەبەرامبەریشدا ئێمە زیاتر هیدایەتمان دان و زیاتر جێگیرمان كردن لەسەر ڕەوایی.)

﴿وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَ مِن دُونِهِ إِلَٰهًا ۖ لَّقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا﴾

واتە: ( وە دڵمان پتەوكردن بەباوەڕ، هیمەتمان پێ توندتركردن، كاتێك كە لەبەر دەستی پادشا بێباوەڕەكە وەستان، و ئەویش لۆمەی دەكردن لەسەر وازهێنانیان لە بت پەرستی، و ئەوانیش پێیان ووت: پەروەردگارمان كە دەیپەرستین پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەویە، و هەرگیز پەرستراوێك لە پەرستراوێكی تر جگە لەو ناپەرستین، جائەگەر جگە لەمە هەر ووتەیەكی تر بڵێین ئەوا ووتەیەكی ستەمكارانە و دوور لە ڕەوایمان ووتووە.)

﴿هَٰؤُلَاءِ قَوْمُنَا اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً ۖ لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَانٍ بَيِّنٍ ۖ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا﴾

واتە: ( پاشان هەندێكیان بەوانی تریانی ووت: ئەوان كە گەلی ئێمەن پەرستراوی تریان جگە لە ( الله ) بۆ خۆیان داناوە، باشە ئەگەر ڕاست دەكەن بۆ بەڵگەیەكی ئاشكرا لەسەر ئەو پەرستنەیەیان ناهێنن، چونكە

هیچ کەس لەو کەسە ستەمکارتر نیە کە درۆ بەناوی خوای پەروەردگارەوە بکات، بەوەی کە هاوەڵێکی بۆ نیسبەت بدات لە پەرستنیدا.)

﴿وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ فَأْوُوا إِلَى الْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا﴾

واتە: ( کاتێك جیابوونەوە لە گەلەکەتان بە ئایینەکەتان، و وازتانهێنا لەو پەرستراوانەی کە دەیانپەرستن جگە لە پەرستنی خوای پەروەردگار نەبێت، ئەوا پەنابەرن بۆ ئەو ئەشکەوتەی کە لە کێوەکەدایە بۆ پەرستنی خوای پەروەردگارتان بەتەنها، لەبەرامبەردا پەروەردگار ئەوەندە ڕەحمەت و بەزەیی خۆی بەسەرتاندا دەڕێژێت کە پارێزەرتان بێت لە دونیا و دوارۆژدا، وە ئاسانکاریشتان بۆ دەکات لە هۆکارەکانی ژیان و بژێویتان لەو کارانەی کە سودمەند دەبن پێی.)

﴿وَتَرَى الشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَاوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ الشِّمَالِ وَهُمْ فِي فَجْوَةٍ مِّنْهُ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ ۗ مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُ وَلِيًّا مُّرْشِدًا﴾

واتە: ( لەکاتێکدا کە ئەوەیان کرد خوای پەروەردگار خەواندنی و پاراستنی، جا ئەی ئەو کەسەی کە بینەریانیت دەبینیت کە خۆر لەخۆرهەڵاتەوە هەڵدێت لەجێگەکەیان لادەدات بەرەو لای ڕاست، وە ئەگەر خۆرئاوابوو بۆ لای چەپ دەیانهێڵێتەوە، و لە فراوانیدان لە ئەشکەوتەکەیاندا، بۆیە گەرمی خۆرەکە ئازاریان نادات، و هەوایان لێ نابڕێت، ئەوەش کە بەرامبەر بەو لاوانە ئەنجاماندا لەبەڵگەکانی دەسەڵاتی خوای پەروەردگارە، ئەوەی کە خوای پەروەردگار هیدایەتی بدات ئەوا سەرخراوە بۆ ڕاستی و ڕەوایی، وە ئەو کەسەش کە خوای پەروەردگار سەری نەخات بۆ ئەو کارە، ئەوا هیچ کەسێك نابێت کە یارمەتیدەر و ڕێنیشاندەری بێت بۆ پێکانی ڕاستی و ڕەوایی، چونکە سەرخستن و سەرنەخستن تەنها بەدەستی خوای پەروەردگارە.)

﴿وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ ۚ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَذَاتَ الشِّمَالِ ۖ وَكَلْبُهُم بَاسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِالْوَصِيدِ ۚ لَوِ اطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا﴾

واته: (وه ئەگەر كەسێك بڕوانێتە ( أهل الكهف ) گومانى ئەوە دەكات كە بەخەبەرن، بەڵام ئەوان لە ڕاستیدا خەوتوون، و ئێمە چاودێریان دەكەین، و لەكاتى خەوتنەكەیاندا جارێك بەلاى ڕاستدا هەڵیان دەگێڕینەوە و جارى تریش بەلاى چەپدا، بۆ ئەوەى زەوى نەیانخوات، و سەگەكەشیان كە لەگەڵیاندا بوو دەستەكانى ڕاخستووە و درێژیانى كردووەتەوە لەبۆشایى ئەشكەوتەكەدا، وە ئەگەر چاوت پێیان بكەوێت ئەوا هەڵدێیت لێیان، و دەرون و ناخت پڕ دەبێت لە ترس و تۆقان بەرامبەریان.)

﴿وَكَذَٰلِكَ بَعَثْنَاهُمْ لِيَتَسَاءَلُوا بَيْنَهُمْ ۚ قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْ ۖ قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۚ قَالُوا رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ فَابْعَثُوا أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَٰذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَا أَزْكَىٰ طَعَامًا فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا﴾

واته: (جا هەروەك خەواندمانن و پاراستمانن. ئەو هەموو كاتە دور و درێژە. خەبەردارمان كردنەوە لەخەوەكەیان لەسەر شێوە و شێوازى پێشوویان بەبێ هیچ گۆڕانێك، بۆ ئەوەى هەندێكیان لەوانى تریان پرسیار بكەن كە: چەندێك بە خەووتووى لێرەدا ماینەوە ؟ هەندێكیان ووتى: ڕۆژێك یان زیاتر ماینەوە، و هەندێكى تریان. كە شتەكەیان لەلا تێكەڵبوو بوو. ووتى: زانینى ئەوە بهێڵنەوە بۆ خواى پەروەردگار، چونكە پەروەردگارتان بەئاگایە بەو كاتەى كە ماونەتەوە، با ئێستا كەسێكتان ئەم پارە زیوە لەگەڵ خۆى بەرێت و بینێرن بۆ شار و بڕوانێت كە: چ خواردنێكى خەڵكى شار خۆشتر و چاكترە ؟ خواردنێكتان بۆ بهێنێت، و بەئاگا و وردەكاریش بێت لە كڕینەكەى لە گەڵ فرۆشیارەكەدا بۆ ئەوەى دەرنەكەوێت، و حاڵیشمان ئاشكرا نەبێت، و هیچ كەسێكیش لەخەڵكەكە پێتان نەزانێت.)[الكهف: ٩ – ١٩]

مانەوەی یارانی ئەشکەوت بۆ ئەو هەموو ساڵە و گەنج مانەوەیان خۆی لەخۆیدا گەشتکردن بووە بەنێو کاتدا لەکاتێکدا وایان هەسک کردووە ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک ماونەتەوە و هەستیان بەو کاتە زۆرە نەکردووە سێسەدو نۆ ساڵی هەتاوی ماونەتەوەو وەکو خۆیان بەبێ گۆڕانکاری لە شێوەو پیربوونیان.

## سێیەم: زیندووکردنەوەی پێغەمبەر عوزێر

﴿أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِي هَٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ ۖ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۖ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ ۖ وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ ۖ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا ۚ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ [البقرە: ٢٥٩]

واتە: ( یان ئەی پەیامبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) هاوشێوەی ئەو کەسەت بینیوە کە تێپەڕیوو بەلای لادێیەکی وێرانەدا، کە داڕوخاوبوو بەسەر بنمیچە و سەقفەکەیدا، ئەوەبوو وتی: خوای پەروەردگار چۆن ئەم لادێیە پاش مردنی زیندودەکاتەوە ؟ ئەوەبوو خوای گەورە بۆ ماوەی سەد ساڵ مراندی، پاشان ڕوحەکەی بۆ گێڕایەوە، و پێی فەرموو: چەند بوو ئەو ماوەیەی بەمردوێتی مایتەوە ؟ وتی: ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك، ئەویش پێی ڕاگەیاند کە سەد ساڵ بەمردووی ماوەتەوە، و فەرمانی پێکرد تەماشای خواردن و خواردنەوەکەی بکات، وە چۆن خوای پەروەردگار ئەو ماوە زۆرە لە گۆڕان پاراستویەتی، وە فەرمانیشی پێکرد: کە تەماشای گوێدرێژەکەی بکات چۆن خوای پەروەردگار زیندوی کردووەتەوە پاش ئەوەی بووبوو بە ئێسك وپروسکی پەرشوبڵاو بەو ناوەدا، وە پێی وت: وە تۆ دەکەین بەئایەت و نیشانەیەك بۆ خەڵك، واتە: نیشانەیەکی دیار وئاشکرا لەسەر قودرەتی خوای پەروەردگار لەسەر زیندوبونەوەی پاش مردن، وە فەرمانی پێکرد کە تەماشای

ئێسکەکان بکات چۆن خوای پەروەردگار هەندێکی بەسەر هەندێکی تریدا بەرز دەکاتەوە، وە هەندێکی دەگەیەنێتە هەندێکی تری، پاش پێکهاتن گۆشتی بە بەردا دەکات، و پاشان ژیانی بە بەردا دەکات، کە هەموو ئەوانەی بەچاوی خۆی بۆ ڕون بویەوە دانی بەمەزنی خوادادا نا، و بەوەش کە بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە، وە بوو بە نیشانەیەك بۆ خەڵك.)

ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر گەشتکردن بەنێو کاتتدا بەخێراییەکی زۆرو کاتێکی کەم لەکاتێکدا مانەوەی پێغەمبەر عوزێر سەد ساڵی خایاندووە و ئەو هەستی کردووە کە ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک ماوەتەوە و هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ئەو پێغەمبەرەدا نەهاتووە بەڵام کاتێکی زۆر گەشتی کردووە بەنێو کاتتداو هەموو شتێکی چواردەورەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە

## بەڵگەی جیاوازی کاتی زەوی و کات لە بۆشاییدا لە قورئاندا

﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُۥۚ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ [الحج: ٤٧]

واتە: (ئەوەتە دەبینی ئەی پەیامبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بێباوەڕانی قورەیش لەبەر نەفامی نەزانی خۆیان بەو سزایەی کە تۆ ئاگادارت کردوونەتەوە لێی پەلەی هاتنیت لێدەکەن لەکاتێکدا کە سوڕن لەسەر بێباوەڕی، وە خوای پەروەردگاریش هەرگیز پەیمان شکێن نیە لەوەی کە بەڵێنی سزای پێداون و بەدڵنیاییەوە ڕوودەدات، ئەوەبوو سزاکەیان لەدونیادا پێشخرا بۆیان ئەوەش لەڕۆژی بەدردا. وە بێگومان ڕۆژێك لەلای خوای پەروەردگار. واتە: لە دوارۆژدا. وەکو هەزار ساڵە لەو ساڵەی کە ئێوە دەیژمێرن لە دونیادا.